# برای بەڕێزم و هونەرمەند و شاعیری ئازیز کاک حەمید عەبدوڵڵا

سلێمان عەبدوڵڵا یونس / بریتانیا
slemanyunes@yahoo.co.uk

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم ، بەگەرمی هەواڵت دەپرسم ، هیوادارم هەمیشە هەر شاد و سەلامەت و سەرکەوتو بیت ، زۆر سوپاس و زۆریش خۆشحاڵ بوو بەو هەواڵە چاوەڕوانکراوەی پێتراگەیاندم و من هیچ گومانم لە بەهرە و توانا و داهێنانی بەڕێزتان نیە ، زۆر لە مێژە بە توانا و بەهرەی گەورەی ئێوە بەتایبەت لە بواری هونەریدا ئاشنا بووم ، کردنەوەی پێشانگای هونەری و ئاواڵاکردنی دەرگای زانکۆ بەناوبانگەکانی دانمارتک بۆ ئێوە و کارە هونەریەکانتان بە دوو جار بۆ من مایەی خۆشحاڵی و شانازیە ، جارێک بەوەی کە هونەری کورد لەوئاستە بەرزو ئەکادیمیە دایە کە زانکۆومەڵبەندە ڕۆشنبیریەکانی دنیا بەخۆشحاڵیەوە دەرگای بۆ دەخەنە سەر پشت و ، جارێکی دیکەش بەوە خۆشحاڵم کە یەک لە و بەهرەدار و هونەرمەندە چالاکانە تۆی هاوڕێی ئازیزمی .

هاوڕێم

سوپاس ، کە توانیت بۆ ماوەی 40 ڕۆژ ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە ڕێگەی تابلۆی ( سوارە نوێیەکان ) ئەو تابلۆیەی کە سوارێک ئەسپێکی کەحێلی تاوداوە و ئاڵای ستەمدیدەترین نەتەوەی بێ وڵات لە دنیادا دەشەکێنێتەوە ، بشەکێنیتەوە .

هاوڕێم

دەبا ، ئارامی چاو کزی بیر تیژی ڕەنجدەرانی کوردستان ، ئاسودەبێ کە بۆهەمیشە میوانی ڕەزا سوکی خوێنکار و مامۆستایانی بە ناوبانگترین زانکۆی دانمارک دەبێت و لەڕێگەی تابلۆی بەڕێزی یەک لە هاوبیر و شاگردە بەوەفاکانی خۆیەوە بۆ ئەبەد دەبێتە گوڵە سورە لەیاد نەچووەکەی سەر یەخەی یەک لەزانکۆکانی دانمارک و

مامۆستا و خوێندکار و میوانەکانیشی ، دەبا ئارام ئاسودە بێ  کە لە یەک کاتدا میوانی ئازیزی زانکۆی شاخ و زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ( ئەلبۆرگ ) ە .

سوپاس ، هاوڕێم سوپاس ، کە دەمێکە بەبێ دەنگی وەک چرایەک بۆ ئێمە و بۆ کوردستان داگیرساوی ، تۆ بەو سوتانە بێدەنگ و بەردەوامەت ڕووناکی بە نیشتمانێک دەبەخشی و شانازیش بەنەتەوەیەک .